# ديموكراسى ودەسەلأتى سياسى

ن/محەمەدى مشير

سەرەتا بەر لە هەر باسێك بە پێویستی دەزانم بپرسین داخوا لە چ روانگەوبۆچوونێکەوە هەنگاو هەڵدێنین بەرەو راڤەکردن و لێکدانەوەی هەردوو چەمك و پەیوەندی نێوانیان ؟

ئەگەرچی بۆچوون و دیدی جیاوازیش سەبارەت بە هەردوو چەمك هەبن ئەوا بە باشتری دەزانم هەمەرەنگی راو دیتنەکان بەر لە هەر شتێ لە پێناو شرۆڤەکردنێکی هەمەلایەنەی تێرو تەسەل بێت لە پێناو دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بێ نەوەکە سەپاندنی بۆچوونێکی تایبەت کە رەنگە خزمەتی مەسەلەکە وەکو پێویست نەکاو هەمووان لە سەری کۆك نەبن . ئەمەش سەرەتاییترین پرەنسیپی خودی چەمکی دیموکراسییە دوور لە گیانی پاوانکاری و فۆرخکردن کە زۆر جاران لە کاتی ئاستەنگی سیاسیدا دەسەلأت هانای بۆ دەباو دیموکراسی دەبێتە ناوێکی بێ ناوەڕۆك !

دیموکراسی چەمکێکی یۆتۆپی نییە تەنها لە هزرگەی مرۆڤە خۆشخەیاڵەکاندا بوونی هەبێ ، یا لە مێژووی دێرین و هاوچەرخ و تازەی مرۆڤایەتیدا هیچ پەیوەندییێکی بە زەمینەو ریاڵی کۆمەڵایەتییەوە نە بووبێ ئەگەرچی سەرەتا زەروورەتێکی بابەتی لە برگەییێکی ئەو مێژووەدا وا پێویستی کردبێ  کە ئاوەزی مرۆڤ دوای بیرکردنەوەو تێڕامانێکی زۆرلە ئەندێشەی داهێنانیدا گەیشتبێتە ئەو باوەڕە کە بۆ دەرباز بوون لە تەنگژەی دەسەلأتدا و لە پێناو باشتر بەرێوەبردن و هەڵسوڕاندن و رێکخستنی چالاکیەکانی لەو بوارەدا دیموکراسی تا ئێستا (وێڕای کەمووکورتیەکانیشی) شێوازێکی لە بارو گونجاوتری دەسەلأتە لە تێکرای رەوەندەکانیدا.

دەسەلأت هونەری بەرێوەبردنی سەرجەم سیاسەتەکانی دەوڵەتە و لە چواچێوەی دەوڵە تیشدا بوونی هەیە . واتە لە دەرەوەی قەوارەی دەوڵەتدا شتێك نییە ناوی دەسەلأت بێت - هەرچەندە لە سەردەمانی بەر لە دەوڵەتیشدا بە مانا هاوچەرخەکەی زەمینەیەك هەر هەبووە دەسەلأتی تێدا پراکتیزە بکرێ کە لێرەدا ئەو مەبەستەمان نییە- . دیموکراسی سیستەمێکە لە پراکتیکدا ئامانجە بنەڕەتییەکەی راگرتنی بالأنسی نێوان دەسەلأت و هاووڵأتییە ( نێوان حاکم و مەحکوم ) بە جۆرێ لە هەمان چواچێوەی ناوبراودا لە رێگەی داڕشتنی قانونێکی دادپەروەرانەدا ئەرك و مافەکانی هەردوو لای هاوکێشە سیاسیەکە بە پیتێکی درشت و رۆشەن بنووسرێتەوەو لە واری پراکتیکدا پێڕەو بکرێ لە پێناو بە دیهێنانی کۆمەڵگەییێك کە هەر هیچ نەبێ لە قۆناغی بەراییدا وەبەرهێنانی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە کەم کاتەوە وهەرچی زیاتر لە بەرژەوەندی سەقامگیرکردنی تێکڕای مافە سروشتی و یاساییەکانی مرۆڤ و دابینکردنی بەختەوەری ودادی کۆمەڵأیەتی و سەروەری پتری مرۆڤەکان بێت نەوەکە بە پێچەوانەوە سەرووەری و بالأدەستی دەسەلأت بکرێتە ئامانجێکی پیرۆزو مارکس گووتەنی :

" دەوڵەت ئامرازێکی چینایەتییە بە دەست چینێکەوە لە دژی چینەکانی تردا "و وەك قەوارەییێکی پیرۆز راگیراو  لە سەرەوەرا بڕوانێتە مرۆڤەکان و تەنها مافی بەندایەتی بۆ مەحکومان بە تاکە مافی رەوا بزانێ

و له بەرانبەریشدا هەموو ئەركێكیان لێبخوازێو له كاتی هاتنە كایەی بچووكترین سەرپێچیشدا وەك ئاش تێكیان بهاڕێ !

ئەمە دەسپێكی بۆچوونێكه كه ڕەنگه هەموو لایەك هاوڕای نەبن یا به پەسندی نەزانن ، بەلاّم دیموكراسیش وەك چەمكێكی بەربلاّو، به تایبەت لەم سەردەمەدا، بخوازین یا نەخوازین هەمیشەو له هەر قۆناغێكی مێژوویدا پابەندە بەو شرۆڤەیەی كه خودی دەسەلاّت لێرەو لەوێ هاوڕەوتی بەرژەوەندییەكانی دەیسەپێنێ و له چواچێوەی دەولّەتدا وهاوجووت لەگەلّ پەیامە ئایدیۆلۆژییەكەیدا له پێناو پراكتیزەكردنیدا ڕێگاو شێوازی جۆراو جۆر دەگرێت بەر.

به دەر له تێڕوانین و شرۆڤەی چینایەتیدا تا ئێستا هیچ تیۆرو زانستێكی ووردترو تێرو كاملّتر نابینم له ئاسۆی مرۆڤایەتیدا كه بتوانێ چارەسەری ریشەیی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمكی دەسەلاّت و دیموكراسی بكات ،

ئەگەر چی سیستەمی سەرمایەداری نەك هەر به هەولّی تیۆریسییەن و بیرمەندانی خۆی بەلّكو به سوود وەرگرتن تەنانەت له خودی ماركسیش ، له سەردەمی به جیهانیبوونیدا له سایەی كۆمەلّی هەنگاوی چاكسازی له بوارە جیاوازەكانی ژیاندا توانیبێتی خۆی بسازێنێ و بالاّنسی نێوان دەسەلاّت و هاوولاّتیان له ڕێگەی كۆمەلّێ شێوازی دیموكراسیانە – هەر ولاّتەو به سیستەمێكی تایبەت به خۆی – له چوارچێوەی دەولّەتی نەتەوەییدا پاراستبێ ، كه ئەمەش له ئایندەییەكی دووورتردا وەك گەلاّلّەبوونێكی هەمەڕەنگی چەندایەتی گۆڕانێكی چۆنایەتی له بەرژەوەندی تێكڕای مرۆڤایەتیدا به دوای خۆیدا دەهێنێ .

گەلێ دەستكەوت و پێشرەوتی گرنگ له بوارەكانی تەكنەلۆژی و زانیاری و زانستەكاندا له سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا مرۆڤایەتییان چەندین هەنگاو بەرەوپێشبردووە كه ناكرێ وەك سالاّنی بەر له هەلّوەشانەوەی بلۆكی خۆرهەلاّت و سۆڤیەت به هەمان عەقلّیەت و بیركردنەوەی چەپڕەوی مندالاّنە بیریان لێبكرێتەوە و هەر سووربین له سەر ئەوەی كه سەرمایەداری له هەر كوێ بێ هەر هەمان ئاست و پلەی پێشكەوتن و گەشەكردنی هەیە ودەرەنجام خالّێكی گرنگی چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی سەرمایەداری فەرامۆش بكەین كه ئەویش ئەوەیە كه سەرمایەداری وەك سیستەمێكی ئابووری- سیاسی گەشەكردنێكی نابەرابەر به خۆیەوە دەبینێ كه له ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر، له ولاّتێكەوە تا ئەویتر جیاوازەو هەمان پێشرەوتی كۆمەلاّیەتی و دامەزراوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هوشیاری و...له تێكڕای ناوچەو ولاّتەكاندا له ئامێز ناگرێ ،كه ئەمەش له ئاكامدا فاكتەرێكی هەرە گرنگە بۆ گۆڕانی تێگەیشتن له هەردوو چەمك و جیاوازی له پەیوەندی نێوانیان له شوێنێكەوە تا شوێنێكی دیكە .

كەواتە هەر ئاستێكی پێشرەوت و گەشەكردنی ئابووری و سیاسی و كۆمەلاّیەتی ... وەك بەرەنجامێكی سروشتی ئاستێكی له بارە خۆی بۆ پەیوەندی نێوان دەسەلاّت و دیموكراسی بەرهەمدێنێ كه پێشینە كلتوری و ڕۆشنبیری و نەریت و خووە كۆمەلاّیەتییەكانیش سەربار ڕۆلّێكی بالاّ دەبینن له دەستنیشانكردنی

سنوور و كارلێكی هەردوو چەمك و دەرەنجامەكانی ئەم كارتێككردنەش لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە كەم تا زۆر دەگۆرێن .

دیموكراسی  وەك شێوازێكی مومارەسەكردنی سیاسیانە لە شێوە هاوچەرخەكەیدا- كە لە سایەی قانوون و دەستووردا دەرفەتی یەكسان بۆهەموو لایەك دەرەخسێنێ بە مەبەستی قۆرخ نەكردنی دەسەڵات لە لایەن دەستەیەك یا حزبێك یا گروپێك یا تاكە كەسێك – بەرهەمێكی گرنگی كۆمەڵگەی سەرمایەدارییە كە تیایدا ململانێ چینایەتییەكان شێوازێكی نەرمتریان گرتە خۆ بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە چینایەتییەكان و دەنگ لە جیاتی گوللە پارسەنگی هاوكێشە سیاسیەكان دەگۆڕێ .

بە هەرحاڵ هەر ئایدیۆلۆژیاو فێرگەیێكی فیكری تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە لە مەڕ ئەو هەردوو چەمكەی كاكڵی ئەم باسەن . هەروەكو ئاماژەم پێكرد بەدەر لە تێڕوانینی چینایەتی هیچ شرۆڤەیێكی دروست و ووردتر نابینم بۆ چارەسەركردنی گرێ كوێرەی نێوان دەسەلاّت و دیموكراسی بە مەرجێ وەكو گووتە چینییەكە " پێیەكانمان نەبڕین تەنها بۆ ئەوەی بە ئاسانی بچنە نێو پێلاّوە تازەكانمان"، بە واتایێكی روونتر ناكرێ كلێشە خوازبین و هەر واقعێك بە گوێرەی كلێشە ئامادەكانی نێو هزرمان بگونجێنین ئیدی دواتر هەرچی نەبووە با ببێ ! سەردەمی ئەم تێڕوانین و بیركردنەوە زیانبەخشانە بە سەرچوو ، گرنگ لەمەودوا واقعەكان وەك ئەوەی بەردەست و هەن شیبكرێنەوە نەك وەك ئەوەی لە نێو هزرگە و تێفكرین و كتێبەكاندا وێنایان دەكەین . بابەتییانە روانینە ئەو چەمكانەی هەتا دوێنێ دۆگماتییانە و بە شێوەیێكی رەها تێیان رادەمایین و پێمان وابوو هەموو شتێك لە هزرین و تێڕوانینی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ پەردەیێكی تەڵخ و تاریكی لە بەردەم دیتنەكانمان قووت كردەوە لە كاتێكدا هەر هیچ نەبێ لە ئەلف و بێی تیۆرییەوە دەمانزانی یا بیستبوومان كە " جگە لە جوڵە هیچ شتێكی دیكە نییە رەها بێ " بە گوتەی لینین. بۆیە دەكرێ دیموكراسی وەك شێوازە حوكمێكی باشتر- لایەنی كەم لەم سەردەمەدا- زانستیانە دوور لە توندڕەوی تاوتوێی لەگەڵدا بكرێ و هەر لەم روانگەیەشەوە ئێمەی كوردستانی بە شێوازێكی پوخت و دوور لە دۆگما ئاست و راددەی پێشرەوت و هوشیاری مرۆڤەكانمان و تێكڕای  تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی كوردستانی لە بەرچاو بگرین ، چونكە نوێنەرانی سەرمایەداریش لە بەرانبەر ئەو تەرزە كێشانەدا نا هوشیارانە كار ناكەن ، بەڵكە دەیان دەستگاو دامەزراوەی پسپۆریان تەرخانكردووە بۆ ناسینی سروشتی گەلان و هەڵسەنگاندنی باری دەروونی و ئاستی هوشیاری لە نێو كۆمەڵگاكاندا .

پەیوەندی نێوان دەسەلاّت و دیموكراسی دەكرێ لە گۆشە نیگای جیاجیاوە سەیری بكرێت جا چ لە رووی ئەكادیمییەوە بێ یا فیكری ، سیاسی، یاسایی یاخود دامەزراوەیی ... سەبارەت بە پەیوەندی دەسەلاّت و دیموكراسی لە كوردستاندا سەرەتا وا باشە بپرسین ئایا لە كوردستاندا قەوارەیەك هەیە پێی بگوترێ دەوڵەت تاكو لە چوارچێوەیدا باس لە پە یوەندی دەسەلاّت و دیموكراسی بكەین ؟

ڕەنگە لێرەدا بۆچوون و ڕاڤەکردنەکان لە زۆر بوارو لایەندا لێکجیاوازبن بەلاَم سەرباری ئەمەش دەکرێ دیالۆگێکی بە سوود لەمبارەیەوە بێتە ئارا و هەمە ڕەنگی بۆچوونەکان دۆسیەی بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن . بەش بە حالَی خۆم وەلاَمی پرسیاری سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەدەمەوە :

بەلَێ دەوڵەتێکی دیفاکتۆ لە دوای کۆڕەوەکەی سالَی 1991 ەوە لە ئارادایە کە هێشتا لە لایەن کۆمەلَگەی نێو دەوڵەتییەوە تەنها ناراستەوخۆ دانپێدانراوە .لەم حالَەتەشدا دەکرێ لە چوارچێوەیدا دەسەلاَتێکیش هەبێ و باس لە دیموکراسی و ئازادییەکان بکات ، هەروەکو لە ماوەی 15 سالَی ڕابردوودا وێڕای دوو ئیدارەیی دەسەلاَتی سیاسی کوردستانی وایکردووە ، هەرچەندە دەرەنجامی ململانێی تەسك و نادروستی حزبی و نەبوونی ئەزموون و پێشینەیێکی مێژووی لە بواری بە ڕێوەبردن و هەلَسوڕاندنی کارو باری دامەزراوەیی سڤیل و دەوڵەتی لە دیرۆکی کورددا – کە جگە لە شێوازی میرنشین و ئیمارەتەکاندا خودان هیچ فۆرمێکی دیکەی دەسەلاَت و قەوارەی سیاسی نەبووە – هەر لە سەرەتاوە کۆمەلَێ ئاستەنگ و کۆسپی چاوەڕوانکراوی لە بەردەم گەشە و پەرەسەندنی سروشتی ئەم قەوارەیەدا دروست کرد کە بەش بەحالَی خۆیان قەیرانی دەسەلاَتیان لێکەوتەوە وململانێکانیش شێوازێکی توندوتیژیان بەخۆوەگرت و فەرهەنگ و کلتوری خەباتی چەکداری شاخ بالَی بە سەر زەینیەتی حزبەکاندا کێشابوو کە لەو کاتدا توندوتیژی بەرهەمێکی سروشتی بارودۆخە خودی و بابەتییەکە بوو نەدەکرا بە شەووڕۆژێك گۆڕانێکی 180 پلەیی چاوەڕوانبکرێت و داوا لە حزبەکان و کۆمەلَگەی بێ ئەزموونی کوردستانی بکرێت بە شێوازێکی مەدەنیانە ڕەفتار لە گەلَ یەکتر و پێشهاتە سیاسییەکان بکەن کە بۆ هەمووان تا ئێستاش شێوازێکی نامۆیەو لە هەنگاوەکانی بەراییدایە . ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا ناکرێ کلتوور و فەرهەنگی بەعس فەرامۆشبکرێت کە وەك پەتایەك تا ئێستاش لە ریالَی کوردستانیدا لە ڕەفتارو هەلَسووکەوتی تاکەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە و زەبرو زەنگ تیایدا بەردی بناغەی سیاسەتەکانی بووە کە لە ڕووی باری دەروونییەوە ئاکامی خراپی بە سەر کۆمەلَگەدا هەبووە.      ئیدی لە سایەی ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا چۆن دەکرێ دیموکراسیش لە بواری سیاسیدا نەکەوێتە پەراوێزو نەبێتە فۆرمێکی مردوو یان پڕ کەمووکوڕی هەرلە دەسپێکی دروستبوونی ئاکارو ڕووخسارەکانی دەوڵەتدا ؟!.

بێگومان ئەمە ڕابردوویێکی نزیکی تاروشێوانێکی هزری سەرباری دروستکرد کە کۆمەلَگە و مرۆڤی کوردستانی چەندین هەنگاو بەرەو دواوەتر بردەوە . ئەم ڕاستییە حاشا هەلَنەگرە بەلاَم گەڕان بەدوای ڕێگاچارە ئەرکی ڕۆشنبیران و لایەنە دیموکراسی و پێشکەوتووخوازەکانی

کوردستانە کە ئەو پەراوێزە ئازادی و دیموکراسییەی دوای ئارامبوونەوەی دۆخەکەو گۆڕانی شێوازی ململانێی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هاتۆتە ئارا پەرەو بایەخی کردەیی پێبدرێ و جەماوەر لە تێکڕای بوارە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتییەکاندا هوشیارتر بکرێتەوە تا بەرەنجام پەراویزەکە فراوانتر ببێ ودەسەلاَتیش ناچاربکرێ هەنگاوی جیدی تر لەم بوارەدا هەلَێنێ . گەلێکی ماندوو کەم ئەزموون و پاشخان شێوێنراو لە بواری پراکتیزەکردنی دیموکراسی و دامەزراوە مەدەنییەکاندا حزب و

دەسەڵاتێکی لەمە باشتری بۆ نایەتە بەرهەم گەر شۆڕشێکی رۆشنبیری رۆشنگەر لە سەر ئاستی هەموو لایەنەکانی ژیانیدا بەرپا نەکرێ کە ئەمەش ئەرکی بە پەلەی ئەم قۆناغەیە و دەکەوێتە ئەستۆی چەپ و دیموکراسی و پێشکەوتووخوازەکان .